لێکۆڵینەوە

# کۆبانێ، ناوونیشانی ململانێی تورکیا- ئەمریکا

**ئارام عەلی عەزیز**

سەرەڕای ئەندام بوونی لە ناتۆو بەشداریکردنی بێ مەرجی زۆربەی دەوڵەتانی ئەو هاوپەیمانێتیە لە جەنگی دژە داعشدا، دوای هێنان و بردنێکی زۆر تورکیا چوار مەرجی بۆ بەشداریکردنی کارای لەو جەنگەدا راگەیاند، کە بریتین لە: دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام لە ناو خاکی سوریا، قەدەغەکردنی فڕینی فڕۆکەی سوری بەسەر ئەو ناوچەیەدا، راهێنان و پڕچەککردنی ئۆپۆزیسیۆنی سوریاو روخاندنی رژێمی بەشار ئەسەد.[1]

لە پشت ئەو مەرجانەی تورکیا، لە لایەک سیاسەت و ستراتیجیی تورکیا بەرامبەر بە خۆرئاوای کوردستان و سوریا دەبینرێت، کە بریتیە لە نەهێشتنی دروستبوونی ستاتویەکی دیفاکتۆی کوردی لە خۆرئاوای کوردستان[2] - چونکە ئەو ناوچە دژە فڕین و ئارامەی کە تورکیا کردویەتیە مەرج لە ناو خاکی خۆرئاوای کوردستان دەبێت

کە هاوسنووره لە گەڵ تورکیا- لە لایەکی دیکەیشەوە گومانی تورکیا لە بوونی پرۆژەیەکی خۆرئاوایی بۆ دامەزراندنی کیانێکی کوردی لە کۆتایی جەنگەکەو لە کاتی دووبارە دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی عێراق و سوریا دەخاتە بەرچاو.

لەو بارەیەوە پسپۆرو شارەزایانی تورکیا مەترسی وڵاتەکەیان لە هاتنەکایەی سایکس بیکۆیەکی نوێ بە ناوێکی تازە لە کۆتایی جەنگەکەدا ناشارنەوە، کە زلهێزە نێودەوڵەتیەکان لە پێناوی بەدیهێنانیدا پشت بە هەردوو هێزی ئیقلیمی تورکیاو ئێران ببەستن[٣]. ئەحمەد داود ئۆغلو سەرۆک وەزیرانی تورکیاش زۆر راشکاوانە دژایەتی وڵاتەکەی بۆ سایکس بیکۆیەکی تازە دەردەبرێت و بە ئاشکرا وەستانەوەی وڵاتەکەی بەرەو رووی پلانێکی لەو جۆرە بابەتە رادەگەیەنێت.[٤]

لەراستیدا لە هەڵوێستی جیاوازی نێوان تورکیاو ئەمریکا بەرامبەر بە شەڕی کۆبانی دوو پرۆژەی جیاواز هەستی پێدەکرێت، کە یەکێکیان ئەمریکی و خۆرئاواییە ئەوی دیکەشیان تورکیە .

ململانێی نێوان ئەو دوو پرۆژەیە لە کەسایەتی شەڕی کۆبانیدا وەرچەرخا بۆ جۆرە ململانێیەکی دیبلۆماسی لە نێوان ئەمریکاو تورکیا، دوای ئەوەی دانوستانەکانی نێوانیان سەبارەت بە دژایەتینەکردنی کارای تورکیا بۆ داعش گەیشتە جۆرە بنبەستبوونێک. ئاشکرادیارە تورکیا ئامادەنەبوو هاوکاربێت لە جێبەجێکردنی ئەجێندای ئەمریکاوخۆرئاوا لە ناوچەکەدا، لەبەرئەوەی لە گەڵ ئەجێندای تورکیا بۆ سوریاو بە تایبەت لەگەڵ ئەجێندای تورکیا بۆ کورد یەکناگرێتەوە.

لەگەرمەی شەڕی کۆبانیداو بە ئامانجی چوونەژێرباری مەرجەکانی تورکیا، لێدوانەکانی بەرپرسانی تورکیا گەیشتە ئاستی

جۆرە ئیتیزازێکی سیاسی بەرامبەر بە ئەمریکا، کاتێک ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا رایگەیاند دەوڵەتەکەی رێگا بە گەیاندنی چەک بە کۆبانی نادات[٥]، تا بۆ بەیانی جیهان لەسەر گەیاندنی چەکوتەقەمەنی لە رێگای فرۆکەکانی ئەمریکاوە بۆ کۆبانی بەخەبەر هات.[٦]

لەسەرەتای شەڕی کۆبانیدا هەردوو دەوڵەتی ئەمریکاو تورکیا لە لێدوانەکانیاندا شەڕی کۆبانییان بە شەڕێکی ستراتیجی دانەدەنا، بەڵام بە درێژبوونەوەو گەرمبوونی شەڕەکە کۆبانی بووبە ستراتیج بۆ هەردوولاو ململانێی ئەمریکاو تورکیاو پرۆژەی جیاوازی هەردوولاش بۆ ئایندەی کورد لە ناوچەکەدا ئاشکراتر بەدەرکەوت. هەرچەندە هەر لەسەرەتادا تورکیا ستراتیجیانە سەیری شەڕی کۆبانێی دەکرد، بەڵام دوای راگەیاندنی پەکەکەو بەستنەوەی ئەوەی پێی دەڵێن پرۆسەی ئاشتی بە شەڕی کۆبانیەوە و دوای پشتیوانی ملیۆنیی کورد لە سەرتاسەری کوردستان و زۆر وڵاتی دونیا بۆ کۆبانی و دوای شکستهێنانی تەواوی هەوڵەکانی تورکیا بۆ شکستپێهێنانی کۆبانی و دوای تەشهیربوونی لە ئاستی نێوەدەوڵەتی و ئیقلیمیدا بە هۆی سیاسەتی راستەوخۆو ناراستەوخۆی پشتیوانیکردنی داعش، حکومەتی تورکیا ناچاربوو شەرمنانە رێگا بە چوونی رەمزیانەی پێشمەرگە بۆ کۆبانی بدات[٧].

حکومەتی تورکیا مەترسی زۆری هەیە لەوەی کە هاوکاریکردنی دیفاکتۆیانەی ئەمریکا بۆ کورد بە لێدانی داعش لە کۆبانی[٨] و پێدانی چەکوتەقەمەنی و راهێنانی پێشمەرگەی باشوری کوردستان لە لایەن دەوڵەتانی خۆرئاواو ئەمریکاوە پەیوەندی هەبێت بە دارشتن و جێبەجێکردنی نەخشەیەکی نوێ لە ناوچەکەدا، کە گەلی کورد تیایدا ببێتە خاوەن ستاتوی سەربەخۆی خۆی . لە کاتێکیشدا تورکیا زیاتر

لە بیست ملیۆن کوردی تێدایەو تا ئێستا تەنانەت مافی خوێندنیان بە رەسمی بە زمانی دایکیان نیە، ناچارە دان بە مافەکانیاندا بنێت لەو چوارچێوەیەی کە هەردوولا لەسەری پێکدێن .

بە کورتی تورکیا دامەزراندنی هەر جۆرە ستاتویەکی کوردی لە ناوچەکەدا بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەزانێت و ئەگەر بەهێز بۆی نەلوا، ئەوە بە شێوازی جۆراوجۆر دژایەتی دەکات، وەک سیاسەت و پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، کە لە زمانی خودی داود ئۆغلۆ سەرۆک وەزیرانی تورکیاوە ئەو شێوازەیمان بە ئاشکرا بۆ دەردەکەوێت کە لە رواڵەتدا هاوکاریی و یارمەتیدانی هەرێمی کوردستانە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا داڕووخاندن و نەبوون بە هیچە، کە خۆی دەبینێتەوە لە پشتبەستنی نیمچەتەواوی ترسناکی هەرێمی کوردستان بە تورکیا لە رێگای بوونیی زیاتر لە ١٥٠٠ کۆمپانیای تۆمارکراوی تورکیا لە هەرێم، لە بوونیی زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ هەزار کرێکاری تورکیا لە هەرێم، ئەمە جگە لەساڵانە هاوردەکردنی کاڵای تورکی بایی ٨ ملیار دۆلار بۆ هەرێم[٩]، هەروەها جگە لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ تورکیا. ئەمە دادۆشینی هەرێمە یان دۆستایەتی؟

ئەمە لەراستیدا لەروی ئابوری و سیاسیەوە پەیرەوکردنی دوورخستنەوەی گەلی باشوری کوردستانە لە بەرهەمهێنان و کردنی هاووڵاتیانی هەرێمە بەبەکارهێن و دوورخستنەوەیانە لەبەرهەمهێنان، لە لایەکی دیکەیشەوە ئیحتیکارکردنی بەرنامەبۆدارێژراوی بازەڕەکانی هەرێمی کوردستانە، کە خودی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان زەمینەسازیەتی لە رێگای سیاسەتی کردنی هەولێر بە دوبەی و پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەرگای واڵا بەرامبەر بە تورکیا.

دوورخستنەوەی مرۆڤ لە بەرهەمهێنان و کردنی بە کەسێکی بەکارهێن بێگومان ئاستی نیشتیمانپەروەری لاواز دەکات و گرێدانی هاووڵاتیان بە خاک و وڵاتەکەوە ناهێڵێت و ئینتیمایان کاڵدەکاتەوە، چونکە گرێدان بە خاک و بەرهەمهێنان بنەمای گرنگی ئینسانبوون و نەتەوەبوونن، دەوڵەتیش بە میللەتێکی بەکارهێن نە دادەمەزرێنرێت و نەدەپارێزرێت .

لەو روانگەیەوە تورکیا سیاسەتی بنکۆڵکردن و لەباربردنی زەمینەی بوونیی کورد بە شت لە باشوری کوردستان و شکستپێهێنانی پرۆژەی کوردی لە خۆرئاواو کات کوشتن ولەدەست دەرهێنانی فرسەت لە دەستی کورد لە باکوری کوردستان پەیرەو دەکات، کە لە گەوهەردا درێژەدانە بە سیاسەتی کۆنی دەوڵەتی تورکیا بەو شێوازەی کە ئەمرۆ بۆی دەلوێت و بۆی دەچێتەسەر .

مایەی سەرنجە سەرەڕای هاوپەیمانێتیەکەیان، شەڕی کۆبانی ململانێی نێوان ئەمریکا – تورکیای گەیاندە قۆناغێکی تازە لە جیاوازی ئەولەویاتی هەردوولا لە جەنگی دژە داعش و لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ بەرزبوونەوەی کوردو چۆنیەتی کۆتایهێنانی قەیرانی سوریا .

لە راستیدا هەڵوێستی ئەمریکا سەبارەت بە حەتمیەتی روخاندنی رژێمی بەعسی بەشار ئەسەد لەگەڵ هەڵوێستی تورکیا ناکۆک نیە، بەڵام لە ئەولەویاتدا یەکناگرنەوە. ئەمریکا لەو بڕوایەدایە روخاندنی رژێمی بەشار ئەسەد پێش کۆتایهێنان بە مەترسی دەوڵەتی ئیسلامی داعش دەبێتە هۆی دروستبوونی فەوزاو بۆشایی ئەمنی و سەربازیی و گروپە توندڕەوەکان و داعش پڕیدەکەنەوە، وەک لە لیبیا روویدا، لەبەر ئەوە ئەمریکا چارەسەری سیاسی و وەستاندنی شەڕی پێ باشترە وەکو هەنگاوی یەکەم لە روخاندنی رژێمی

بەشار ئەسەد لە لایەن خۆیانەوە[10] . هەرچی ئیدارەی تورکیایە پەلەیەتی و سەبری چاوەڕوانکردنی چوار ساڵی دیکەی نیە، چونکە گرەنتی ڕوودانی موفاجەئات و شکانەوەی ڕەوشەکەی نیە لە دژی بەرژەوەندیەکانی تورکیا لە ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاستی گڕگرتوودا، بە تایبەت لە روی مەترسی گەیشتنی ئاگری نارەزاییەکان بە تورکیاو بەهێزبوونی پێگەی کورد لە ناوچەکەدا کە ئەمڕۆ بەئاشکرا لە لایەن ئەمریکاو خۆرئاواوە پشتگیری لێدەکرێت .

لە دواسەردانی جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا بۆ تورکیا، وەکو هەوڵێک بۆ کۆتاییهێنان بە جیاوازی نێوان هەردوو وڵات، بە تایبەت لەبارەی دروستکردنی ناوچەی ئارام لە ناو سوریادا، ئەمریکا پێشنیاری ئەوەی کردوە، کە چەکدارانی سوریا خۆیان دەتوانن ناوچەی ئارام بۆ خۆیان لەناو سوریادا دروست بکەن[11]، بەڵام ئەو ناوچانە نابێت نزیک سنوور بن و بە شێوەیەکی رەسمی ناوچەی دژەفڕین نابن، بەڵکو لەلایەن هێزی ئاسمانی ئەمریکاوە پشتیوانیان لێدەکرێت، وەکو پشتیوانی هێزی ئاسمانی ئەمریکا لە کۆبانی. چونکە راگەیاندنی ناوچەی دژەفڕینی رەسمی پێویستی بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان و ئۆپراسیۆنێکی سەربازی فراوانی تێکشکاندنی بنکە ئاسمانیەکانی سوریا لەو ناوچانەدا هەیە، بەڵام دیسان تورکیا رازی نەبوو. چونکە لێپرسراوانی سەربازی تورکیاو تەنانەت مەولود چاوش ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا پێیان وایە ئەم کارە پێویستی بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش نییە و فەرەنسایش پشتیوانی لێدەکات[12]، وەک چۆن بۆ بڕیاری دروستکردنی ناوچەی ئارام و دژەفڕینی ساڵی ١٩٩١ عێراق رەزامەندی بۆ وەرنەگیرا، سەبارەت بە هەنجەتی نارازیبوونی روسیاش لەکاتی بڕیارێکی لەو جۆرە بابەتە لە نەتەوە یەکگرتوەکان،

تورکیا پێی وایە دەتوانرێت لە رێگای پرۆژەیەکی لێک تێگەیشتنی ژێر بەژێریانە، ئەمریکا لە گەڵ روسیا پێکبێت، وەک چۆن ئەمریکا بێدەنگ مایەوەو لەسەر ئۆکراینا ئیعلانی جەنگی دژ بە روسیا نەکرد[13]. لەبارەی مەرجی دووەمی تورکیاش کە خۆی لە راهێنان و پڕچەککردنی سوپای سوریای ئازاد دا دەبینێتەوە، تورکیا پێی وایە پلانی مەشق و راهێنانی ٥ هەزار چەکدار لە ساڵێکدا کەمەو دەبێت زیاتر بکرێت، هەر لەبەر ئەوەیش تاوەکو ئێستا تورکیا رێگای بەکارهێنانی بنکەی ئەنجەرلیکی دژی داعش نەداوە[14]، کە زۆر گرنگە بۆ ئەمریکا لەبەر نزیکی لە سوریاوە. بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە لە لایەکی دیکەوە رۆژنامەی وڵ ستریت جۆرنال باس لەوە دەکات گوایە تورکیا رازی بووە بە بەکارهێنانی بنکەی ئینجەرلیک لەبەرامبەر رازیبوونی ئەمریکا بە دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامی تەسکی هاوتەریبی سنووری نێوان تورکیاو سوریا، بەڵام ناوچەی دژە فڕ نابێت[15]. هەر لەو بارەیەوە زانیاریەکانی واشنتۆن پۆست و چەند میدیایەکی دیکەی ئەمریکی ئەو پێشنیازەیان ئاشکراکردوە، کە لە ئێستادا کۆشکی سپی سەرقاڵی تاوتوێکردنیانەو بە پێی پلانەکە، ئەمریکا بنکەی ئینجەرلیک بۆ هێرشە ئاسمانیەکان لە دژی داعش بەکاردەهێنێت و لە بەرامبەریشدا، هێزی تایبەتی تورکیا دەچنە ناو خاکی سوریا بۆ یارمەتیدانی هێزە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سوریا، ئەوەیش لە کاتێکدایە چەند جارێک بەرپرسانی کۆشکی سپی رەتیانکردۆتەوە دروستکردنی ناوچەی دژەفڕین لە سوریا قبوڵ بکەن.[16]

جوگرافیای چالاکیەکانی داعش، داعشی کردۆتە بەشێک لە ئالیەتی دابەشکردنی عێراق و سوریا، فراوانتر بڵێین، داعش بۆتە وەسیلەیەکی پراکتیکی بەدیهێنەری زەمینەی دابەشکردن و

دارِشتنەوەی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. حکومەتی تورکیاش ئەم حالەتەی قۆزتۆتەوەو داعشی کردۆتە ستراتیجێک بۆ گۆڕینی ستراتیج بە گوشار خستنەسەر ئەمریکا لە ڕێگای گۆڕینی ئاراستەی داعش بەرەو شاری کۆبانی بە ئامانجی ریگاگرتن لە دروستبوونی هەرجۆرە ئیدارەیەکی خۆجێی کوردی لە خۆرئاواو دابڕینی ناوچە کوردییەکانی خۆرئاوا لە یەکتری لە لایەک و لە لایەکی دیکەیش نەهێشتنی گەیشتنی سنووری ستاتویەکی کوردی پێشبینیکراو لە باشوورو خۆرئاوای کوردستان[١٧] لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سوریاو دوبارە دارِشتنەوەی نەخشەی سیاسی ناوچەکە بە دەریای سپی ناوەڕاست .

ئەمڕۆ بە کرداری داعش دەوڵەتی خەلافەتی لە خاکی سوریاو عێراق دامەزراندوە، نەخشەی عێراق و سوریای تێکداوە، سنووروری دەوڵەتەکەی لە رەقەوە بە موسڵدا تا نزیک بەغدا درێژبۆتەو زۆربەی پارێزگای ئەنباریشی لە ژێر دەستدایە.

لە کاتێکدا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی بە قۆناغێکی چارەنووسسازدا تێپەڕ دەبێت، داعش نەخشەی سایکس پیکۆی لە هەردوو دەوڵەتی عێراق و سوریا بە کرداری هەڵوەشاندۆتەوە. هەڵە نیە ئەگەر بڵێین سنوور بە گشتی لە نێوان دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بە هۆی گۆڕانگارییەکانی بەهاری عەرەبی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاڵبۆتەوەو لە ناوخۆی ئەم وڵاتانەیشدا شەڕو ئاژاوەی گەورە هەیە، رەوشی میسرو یەمەن و لیبیایش نمونەی بەرچاوی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتن، کە پێگەو بایەخی ستراتیجی گەورەیان لە ناوچەکەدا هەیە.

بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕو ئاژاوە ناوخۆییەکانی دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و گەڕاندنەوەی ئاسایش و ئارامی بۆ

ناوچەکە کە لە زۆر ڕووەوە جگە لە بواری وزە گرنگە، هەندێک لەو بڕوایەدان ناوچەکە پێویستی بە دووبارە دابەشکردنەوە هەیە لە ڕوی جوگرافی و سیاسی و تەنانەت لە ڕوی ئابوریشەوە، بۆ ئەمەیش نمونەی سایکس پیکۆ دەهێننەوە.

لەم ڕەوشەدا چەند بەرەیەک لە ناوچەکەدا بەپێی بەرژەوەندیەکان هاتونەتە کایەوەو لە سیاسەتی پراکتیکی ڕۆژانەیاندا بە ئاشکرا هەستیان پێدەکرێت. ئەوانیش بەرەی خۆرئاواو ئەمریکاو عەرەبستانی سعودیەو دەوڵەتانی کەنداو، بەرەی دوانەی تورکیاو قەتەرو بەرەی روسیاو ئێران و سوریاو شیعەن، عێراق و کوردیش لە نێوان ئەو بەرانەدا دێن و دەچن، ئەمەیش چونکە هەموو ئەو لایەن و دەوڵەتانە لەسەر بنەمای سیاسەت و ستراتیجی خۆیان گەیشتوونەتە یەکترو بوونەتە یەک بەرە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی قورسایی جەنگەکە لەسەرخاکی باشوورو خۆرئاوای کوردستانە و حاڵی حازر بە ملیۆنان هاووڵاتی کورد بوونەتە قوربانی و لە ئاکامی جەنگەکەیشدا چارەنووسیی ئایندەی کوردستان دیاریدەکرێت، کورد سیاسەت و ستراتیجی روونی نیەو وەکو پێویست پڕۆژەی تایبەتی خۆی نیە، لەبەر ئەوە لە باشترین حالەتدا ڕووداوو پێشهاتەکان کورد دەکەن بە بەشێک لە پڕۆژەی بەرەجیاجیاکان. هەرچەندە ئەم بەرە جیاوازانەیش لە هەندێک بواردا بەرژەوەندیەکانیان هاوتەریب و لە هەندێکی دیکەیشدا یەکتر بڕن.

دوای ماندووبوون و سەرفیاتێکی زۆری ئەمریکا لە هەردوو جەنگی ئەفغانستان و عێراقدا، بەهاری عەرەبی ناچاوەڕوانکراو گۆڕانکاریەکی زۆری لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هێنایە ئاراوەو نەخشەو بەرنامەی ئەمریکاو خۆرئاوای لە ناوچەکەدا تێکدا. هەموو هەوڵەکانی چوار ساڵی رابردوویشیان بۆ دووبارە بە

دەستهێنانەوەی دەستپێشخەری رووداوەکان سەرنەکەوت و بە ناچاری لە بواری کاردانەوەدا مانەوە، تا دوا جار گۆڕانکاریەکان ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل و سعودیەو دەوڵەتانی کەنداوو، تەنانەت ئاسایشی تورکیاشی خستە مەترسیەوە .

دوای سیازدە ساڵ لەجەنگی دژە تیرۆرو رووخانی زۆربەی سیستمە عەلمانیەکان لەناوچەکەدا بەهۆی بەهاری عەرەبیەوەو مانەوەی سیستمە پادشاهیی و میرایەتیەکان، پلانی بریتانیاو ئەمریکا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆسەد ساڵی ئایندە بریتیە لەنەهێشتنی حزبە ئیسلامیی و عەلمانیەکان و کۆتاییهێنان بە سیستمی حوکمڕانی کۆماریی و دامەزراندنی سیستمی حوکمرانیی پادشایەتی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە ناوچەکە پێویستی بەئارامکردنەوەیەو سیستمی پادشایەتیش سیستمێکی هێمن و ئارامە، بۆ ئەمەیش زیاتر لە ٦٠ دەوڵەت بە ناوی رووبەڕووبوونەوەی داعش لە هەماهەنگیدان و بنکەو بارەگاکانیان هێناوەتە ناوچەکە، لەبەرامبەریشدا هەردوو بەرەی ئێران و تورکیاش، هەریەکەی هەوڵدەدات بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆی لە دووبارە دارشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە بەشیان هەبێت ولە دانانی سیستمی حوکمڕانی دەوڵەتانی ناوچەکەیشدا خاوەن قسە بن.

دیارە پارتی دادوگەشەپێدانی فەرمانڕەوای ئێستای تورکیا لەروی ئایدۆلۆجیەوە سەر بەگروپی ئیخوان موسلمینەو مۆدێلی حوکمڕانیەکەیان لەمیسر زیاتر لەساڵێک خۆی نەگرت و فەشەلی هێناو لەهاوکێشەکانی ئایندەی ناوچەکەیشدا جێگای نابێتەوە، لەلایەکی دیکەیش خۆرئاوا لەسەد ساڵی ئایندەدا وەکو پێشوو لە روی ستراتیجیەوە پێویستی بە تورکیا نیەو دوور نیە دامەزراندنی

دەوڵــەتی کــوردیش لــە هــەردوو بەشــی باشــوورو خۆرئــاوای کوردستان لە پرۆژەی خۆرئاوادا هەبێت.

کۆمـاری ئیسـلامی ئێـرانیش، کەئیسـلامی شـیعەیە لەبـەرەی دژ بـەخۆرئاوا لـەم جەنگـەی دژ بەداعشـدا بـەهۆی یارمەتیدانی سـوریاو پاراستنی بەرژەوەندیەکانیەوە راکێشراوەتە ناو جەنگەکەو حوکمی بەشار ئەسەدو حزبی بەعسی عەلمانیش لە سوریا بواری مانەوەی نەماوە[18].

گۆڕانکاریــەکان بــۆ هــەموو لایــەک گــرنگن و یەکلاکــەرەوەن و روداوەکانی ئەمڕۆیش دواخولی ململانێن لە ناوچەکەدا، لە مەترسیی و لێدوانی لێپرسراوانی تورکیاو ئامادەکاریە سـەربازیەکانیان دیـارە، کـە تورکیـا سـوورە لەسـەر پیـادەکردنی بەرنامەکـەی لـە سـوریاو خۆرئـاوای کوردسـتان ئەگـەر بـە دەسـتوەردانی سـەربازی تـەنیاش بێت، بەلەبەرچاوگرتنی داگیرکردنی قوبرس لە ساڵی ١٩٧٤ لە لایـەن تورکیـاوە سـەرەڕای ئاگادارکردنـەوەو نـارەزایـی ئـەمریکاو نـاتۆ، ئەگـەری ئینفیلاتـی تورکیـا لـە رەوشـی ئـەمرۆی سـوریاو عێراقدا لـە ئارادایــەو پێویســتە لەبــەرچاوبگیرێت، بــە تایبــەت کــە تەزکــەرەی رێگاپێدانەکەی پەرلەمانی تورکیاش بۆ سوپای تورکیا بۆ چوونە ناو خاکی عێراق و سوریا بەیەک پاکێج هاتبو .

هەروەها نابێت ئەوەیش لە بیربکەین کە هێزی سـەربازی تورکیا وەک سوننەو هێزی پیادەو وەک پارسـەنگی هێزی ئێرانـی و بـەرەی شیعە لە ناوچەکەدا بایەخی گەورەی بۆ ئەمریکاو خۆرئاوا هەیە، لەو روەوە دوور نیـە ئـەمریکاو خۆرئـاوا لـە قۆنـاغێکی دیـاریکراوی ئـەو جەنگەی ناوچەکەی گرتۆتەوە بە مەرجەکانی تورکیا رازی بن، زوو زوو تەئکیدکردنـەوەی لێپرسـراوانی تورکیـاش لـە پێویسـتی بـوونی هێـزی زەمینـی لـە ناوچەکـەدا دژ بـە داعـش نیشـانەی ئامـادەیی

تورکیایە بۆ بەشداریکردن لە جەنگەکە لە کاتیی جێبەجێکردنی مەرجەکانیدا[19]، کە بە هۆیەوە تورکیا لە لایەک بۆشاییەکی گەورە پڕدەکاتەوە لە رووی هێزی پیادەی پێویست بۆ سەرکەوتن لە جەنگەکەدا، لە لایەکی دیکەیش پێی رادەکێشرێتە ناو ئەو جەنگەو ئیستینزافی هێزو توانای دەکرێت.

کەواتە لەجەنگی داعشدا، کەهەندێک بەجەنگێکی دیکەی سەلیبی و هەندێکی دیکەیش بەگەڕانەوە بۆجێبەجێکردنی پلانی سالانی نەوەدەکانی خۆرئاوا لەناوچەکەدا ناوی دەبەن، چاوەڕواندەکرێت تیایدا دەوڵەتانی ناوچەکە بەحوکمی کۆمەڵێک فاکتی مێژویی و سیاسیی و ئایینیی لەسەر خاکی میزۆپۆتامیا بکەونە ناو جەنگێکی خوێناویی و هێزەکانی خۆرئاوایش بە هەماهەنگی لە گەڵ عەرەبستانی سعودیەو دەوڵەتانی کەنداو بەشداری بکەن .

دواجار لە دیمەنەکانی کۆتایی ئەم گۆڕانکاریانەو لە تابلۆیەکی خوێناویدا، کە خۆی دەبینێتەوە لە لێکگیربوونی پرۆژە جیاوازەکانی هەرسێ لایەنی خۆرئاوایی و تورکی و ئێرانی لە عێراق و سوریاو بە دیاریکراوی لە باشوورو خۆرئاوای کوردستان تەواوی ناوچەکە بە تراژیدیایەکی راستەقینەدا تێدەپەڕێنرێن.

هەموو لایەنەکان چاوەڕوانی بەدەستهێنانی سەرکەوتنن لەم جەنگە چارەنوسسازەدا، بەڵام پێدەچێت فاکتەری موفاجەئات رۆڵی زۆری تێداهەبێت و هیچ بەرەیەکیش لەوبەرە لەبەرچاوانە جەنگەکە نەباتەوە، بەڵکو تاکە سەرکەوتووی ئەم جەنگە گەلانی رەسەنی ناوچەکە بن. باکگراوندە مێژوویی و شارستانیەکانی دیجلەوفوراتی دوانەی مێژوو شارستانیەتی دۆڵی نیلیش پێمان دەڵێن: هەموو هێرشەکانی کە بەدرێژایی مێژوو کراونەتە سەر ئەم ناوچەیە شکستیان هێناوەو ئامانجە شاراوەکانیان بەدینەهاتوون.

## سەرچاوەکان:

[1] http://www.irakna.com/2014/10/19/
[2] http://www.albawabhnews.com/928845
[3] http://www.aljazeera.net/knowledgegate/opinions/2014/9/14
[4] http://turkpress.co/node/2736
[5] http://www.alquds.co.uk/?p=240468
[6] http://www.xendan.org/arabic/drejaA.aspx?Jmara=3764&Jor=1
[7] http://moheet.com/2014/10/23/2159595/
[8] http://www.alsouria.net/content
[9] http://www.iraqhurr.org/content/article/26703763.html
[10] http://www.raialyoum.com/?p=182313
[11] https://altagreer.coة
[12] http://turkey-post.net/c-5067
[13] http://www.alquds.co.uk/?p=232648
[14] http://www.almadapaper.net/ar/news/475428
[15]http://www.almayadeen.net/ar/news/international_press-OUFqvqzG_EySYqP0ARmt9A/
[16]http://www.knnc.net/Drejey-hawal.aspx?id=37360&LinkID=6&video=False&leguaid=#.VH84vU1xnIU
[17] http://www.alquds.co.uk/?p=234498
[18] http://almurakeb-aliraqi.org/index.php/cultural/26769.html
[19] http://www.aa.com.tr/ar/headline/432601